# ماچێ

2004/12/10

هەر چەند هانام بۆ هێنای
نەتکرد ماچی دڵەی شەیدا
چارم نەبوو ماچم کرد بە پەتی
خەم و دڵی خۆمم پێ گرێدا
لە بیرم چوو تۆ کۆچکەری
ماچی منت لەم کۆچەدا
لێ بە جێما
ئاخ ماچی تۆ بوو ئازیز
دڵی منی فریودا
چاوەڕوان بووم ماچێ وەك
تروسکەی ئەستێرە رووی
خۆمم پێ نیشان بدا
نەمدەزانی لەم ئاورنگەی وەرزی
خەزان گەلای عەشق بە ماچی
بەهار بزەی وەراند
هەنسکی کامەگریان بوو
ئێوارەی ماچی ژێر دەوارانی
هەژان